## قەوارەی ژنانی ئێرانی لە ناو ئاوێنەی مێژودا ئێتر تارمایی نیە."

## ئەو کاتەی کە ئەوین و خوین لە سەر شەقامەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن...؟"

**"...پێم خۆشە پەلکەی شاراوەی قژەکانم بهێنمە دەر، لەچک لە سەر لابەرم و قژەکانم بە سەر شانمدا بەر بدەمەوە و گوێم لە هات و چوو و زەمزەمەی ئەفسوناوی با بە ناو قژەکانمدا بێت. پێم خۆشە ئێتر ئاگام لە گریانی دایکم نەبێت کە چاوەڕوانە و لە سوچێکی ماڵەوە بە دزیەوە فرمێسکەکانی دەسرێتەوە. پێم خۆشە ئەگەر بۆ یەکجاریش بوویێت بێترس و دڵەڕاوکێ لە ژێر خێوەتی ئەستێرەچنی ئاسمان قەدەم لێ بدەم و کوشکێکی ئەستێرەداڕژاو بۆ ئاواتەکانم دروست بکەم بێ ئەوەی کەس ڕام بوەستێنێ و بڵێت ئەتۆ کچێکی بە تەنها لێرە چ دەکەی؟**

**پێم خۆشە لە داوێنی هەر گوڵزارێک دابنوێمەوە، گوڵێک بچنم و لە بەرۆکی ژیانی بدەم. پێم خۆشە خۆم دیاری بکەم کە چۆن جل لە بەر بکەم و ڕەنگەکان بۆ خۆم هەڵی بژێرم....**

**دەڕۆم بۆ ڕێپێوان، ئەم شتانە دەنوسم بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک نەگەڕامەوە بزانن لە بەر چی!!!!!"**

**بەشێک لە نامەی کچێکی خوێندکاری ئێرانی کە لە زبانی فارسیەوە بە کوردی وەرگێڕدراوە.**



زۆر لە مێژە کڵپەی ئاگر و ئازارێکی زۆر کە لە ناخی کۆمەڵگای ئێراندا قەتیس ماوە خۆی بە هەموو کەلین و قوژبنێکدا دەکێشێ و لە ڕێگایێک بۆ دەربازبوون دەگەڕیت،لە ڕۆچنەیێک کە بتوانێ لەوێوە ئێشی ئازارەکانی هاوار بکات و باسێکی کورت لە ژیانی لێواولێو لە ئازار و ئەشکەنجە و فەوتانی وڵاتێک بە گویی دونیادا بچرپێنێ. شر و کێشەیێکی مەزن و تەمەندار کە سات بە سات و چرکە بە چرکەی ژیانی هاووڵاتیانی خستۆتە مەترسیەوە و زۆر جار لەوە دەچوو کە هیچ دەرەتانێک بۆ ڕزگاربوونی ئەم میللەتە نیە.

دیارە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە دەسپێکی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات سەرکوت کردنی ژنان و جیلی نوێ کردە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی و بۆ سەقامگیر کردنی خۆی هەر چەشنە توندو تیژیکی گرتە بەر. هیچ جێی گومان نیە گە کوماری ئیسلامی بە بەرنامە و پلانی تایبەتەوە لە گەڵ مەسئەلەی ژناندا ڕووبەڕوو بووەوە و هەر لە بە زور لچک بە سەر دا دانی ژنانەوە بیگرە تا هەڵاواردنی جنسی و بەردبارانکردن و کوشتن هەمووی بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان بووە و بۆ گەشتن بەم ئامانجە لە هیچ چەشنە توند وتیژیک کۆتایی نەکردووە و ئێستاش بۆ داڕشتنەوەی پەیکەرەی خۆی لە سەر بنەماکانی پێشوو پەلەقاژە دەکات و دڕندانە بۆ مانەوەی، تەواوی سنوورەکانی بەزاندوەو و هەموو پرنسیبە ئەخلاقیەکانی ماڤی مروڤی ژێر پێ خستووە.

تێکهەڵکێشانی ئائین و سیاسەت و بە پێوانەی پێوەرەئایینیەکان دامەزراندنی بنەمای جکومەتی بە گشتی بارودۆخێکی نائاسایی و دوور لە دونیای مەدەنی و مودرنی خولقاندوە کە ڕاستە و خۆ تەواوی ماڤە ئینسانی و ڕەواکانی ژنان لە خۆ دەگریت و بازنەیکی لە توند و تیژی دروست

کردووه و به کەڵک وەر گرتن له بیانووی دین و ئایین ژنانی به تەواوی هێزەوه خستۆته پەراوێزەوه و هەلێکی ڕەخساندووه که ژنان وەک مرۆڤ نەتوانن ڕۆڵی سەرەکی خۆیان بۆ دارشتنی بناخەی کومەڵگاییکی ئینسانی ببینن و سیستەمێکیان پێک هێناوه که دەرخستنی تاڵێکی موی ژنان دەتوانێ مەترسیک بۆ ئەو سیستەمه پێک بهێنێت و هەر بەو هۆیه ووشەی حیجاب لێرەدا تایبەتمەندی پەیدا دەکات و دەبێته سمبولێک که باس له سەروەری و دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی دەکات.

جیا لەوەی که کۆماری ئیسلامی ساڵیانێکی زۆره به تەواوی توانایەوه هەوڵ ئەدات که ئەو سنوورانه بپارێزێت و هەر جۆره سنوور شکاندنێکی به توندی بەر هەرەشه داوه و تۆڵەی کردۆتەوه و زۆر جاریش لەوه دەچوو که تا ڕادەییکش سەرکەوتوو بووه بزوتنەوەی جەماوەری خەڵقی ئێران و ئەوەی که ژنان له پێشرەوانی ئەم بزوتنەوەیەن ئەوه دەر دەخات که حکومتی ئیسلامی نەیتوانیوه  تۆیی ئاواته ئینسانیەکان بۆ ژیانێکی ئازاد و بەرانبەر له ناو بەرێت .به گوێرەی ئامارێک که ساڵانه دەدرێته دەرەوه له دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوه سەرەرای ئیعدام زیاتر له سەد ژن به هۆی شکاندنی سنووره دەستکردەکان تەنها له سێداره دراون و زیاتر له ٢٢ ژن به حوکمی شەرع و قانون بەرد باران کراون و دەیان کچی تەمەن ١٠-١٧ ساڵ  که ڕێیان کەوتۆته بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی وەک کۆیله له ناو زیندانەکان  ئیستفادەی جنسیان لێ کراوه و دوایش به بیانووی جاروجور کوژراون و نزیک به ٨ ژن هەر ئێستا چاوەڕوانی بەرێوەچوونی  سناریوی بەردباران دەکەن.ئەگەر تۆزێک بچینه ناو ناخی دەردەکانەوه دەتوانێن لێکی بدەینەوه که بۆ چی ژنان ئەمرۆکه دەیانهەوێ خۆیان له ناو گۆرەپانی ئەم خەباته پیرۆزەدا هاوشان و هاووهەنگاو بەرەو پێش برۆن و ئێستا پرسی رۆڵی ژن یەکێک له مەرجه سەرەکیەکانی باسه جیهانیەکانه و ئەو دەورەی ژن لەم بزوتنەوەدا دەیبینێت یەکێک له تایبەتمەندیەکانی ئەم بزوتنەوەیه که کۆماری ئیسلامیش زۆر به جوانی لەو شته تێ گەشتووه و بۆیه له هیچ بیحورمەتیک به بایەخه ئینسانیەکانی ژنان چاوپۆشی ناکات و بۆ چکۆله کردنەوەی رۆڵی ژنان به خراپترین شێوه سوکایەتیان پێدەکات و به شێوازی جوراوجور دەستریژیان دەکاته سەر.بەڵام ژنانی ئێران له قۆناغێکیتردان و هیچ شتێک ئیتر ناتوانی گەورەیی هێز و تواناییان بخاته ژێرپرسیارەوه و وەک هێزێکی بنچینەیی خەریکن پێگه و ناسنامەی خۆیان به دونیا دەناسێنن.ئەم هەلۆیستەی ژنان دەرئەنجامی ساڵیانێکی زۆر زۆڵم و گوشار و له ناوبردنه، دەرئەنجامی دروست بوونی ڕقێکی پیرۆزه که دەڕوا بەرەو ئاسۆیکی ڕوون.ئەمجارەیان کۆمەڵگای ئێران به ژن و پیاوەوه هاوشان و هاووهەنگاو دەیانهەوێ ئاسۆکان دیاری بکەن.

زەوی ووشک و لێوقەڵشاوی ئەم ووڵاته چاوەڕوانی بارانێکه، ئاسمانی تەماوی وەک خێوەتێک هاوارەکان دەگرێته خۆی و وتێکیان هەڵدەکێشێ و ئاووسی له دایک بوونی بارانێکه بڵێی کۆڵەکەزێڕینەی دوای ئەم بارانه چەنده جوان بێت؟!!!!

**سەنتەری ژنانی کورد له کۆڵن**          ٢٠٠٩/٠٨/٠٣

centerijnan@ymail.com